ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا

گۆڤاری سیخورمە وەک نموونە

شاخەوان مەلامحەمەد

43835

هەولێر - ٢٠١٤

Preview sample - page 1 of 6 - Soran University Academic Digital Library



* ناوی کتێب: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا (گۆڤاری سپێخورمە وەک نموونە)
* لێکۆڵەر: شاخەوان مەلا محەمەد
* بەرگ و سەرپەرشتی چاپ: عوسمان پیرداود .
* نەخشەسازی: عیسام موحسین.
* بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٢٦٦).
* چاپخانەی حاجی هاشم – هەولێر.
* تیراژ: ٥٠٠ دانە.
* لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی(١٣٩)ی ساڵی ٢٠١٤ی پێدراوە.
* ئەم کتێبە لەبنچینەدا نامەی ماجستیێرە و لە ساڵی ٢٠١٣ پێشکەش بە زانکۆی سلێمانی- کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان کراوە.

Preview sample - page 2 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی:

رۆژنامەگەریی پێگەیەکی گرینگی لە ژیانی مرۆڤدا هەیە بەتایبەتی لە سەردەمی ئێستادا، هەم لە ڕووی ڕۆڵ و کاریگەری لەسەر تاک و کۆمەڵگەکان و ئامادەبوونی لە ڕووداوەکان و پێشکەشکردنی زانیاری و هەواڵ بۆیان، ئەمە جگە لە ڕەخساندن و فراوانکردنی گفتوگۆو دێباتە جۆراو جۆرەکان لە کۆمەڵگەدا، بەم شێوەیە ڕاگەیاندن بەگشتی و ڕۆژنامە بەتایبەتی کارئاسانی بۆ تاکەکان دەکات کە ڕۆژانە پشکیان لە ئاست گفتوگۆ جۆراو جۆرەکانی کۆمەڵگادا هەبێت، بە تایبەتی کرانەوەو شۆڕشی ئامرازەکانی پێوەندیکردن ڕۆڵ و کاریگەری ڕۆژنامەگەریی زیاترکردووە.

رۆژنامەگەریی لە عێراقدا بەگشتی و لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا بە تایبەتی بە چەند تایبەتمەندییەکی دیار دەناسرێتەوەکە هەڵقوڵاوی سروشتی کۆمەڵگاکەو ژینگە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابووری، جوگرافی و دیموگرافییەکانیەتی، بە تایبەتی ڕۆژنامەگەریی کوردی کە سەرەتاو قۆناغەکانی گەشەکردنی و ڕوخسارەکانی و تایبەتمەندییەکانی و ئەرکەکانی زۆر جیاوازترە لە ڕۆژنامەگەریی جیهانی و هەرێمی و عێراق، ئەمەش بەهۆی ئەرکە سیاسی و نیشتیمانی و نەتەوەییەکانی ڕەوشی ڕۆژنامەگەریی کوردی.

بەم شێوەیە سیستەمی ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕەنگدانەوەی سیستم و بارودۆخی سیاسی هەرێمی کوردستان بووە، لە ئێستاشدا کە کۆمەڵگای کوردی لە قۆناغی گواستنەوەدایە بەرەو کۆمەڵگایەکی مۆدێرن و نوێخواز، ئەوە ڕۆڵ و ئەرکی ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی کوردی زیاتر بووە.

سیستمی ڕۆژنامەگەریی کوردی سەرەڕای تێکۆشانی لە گەیاندنی هەواڵ و ڕۆڵی لە گواستنەوەی زانیاری و ڕۆشنبیری و ئەدەبیاتی جۆرا و جۆر بۆ هاوولاتیانی کورد، ئەوا بەردەوامبووە لە پێناو دەرکەوتنی ڕۆڵی لە بوارەکانی فێرکردن و ڕۆشنبیرکردن و هۆشیارکردنەوەو پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و

Preview sample - page 3 of 6 - Soran University Academic Digital Library

سیاسی تاکەکانی کورد، بەمشێوەیە لە قۆناغێکی دیاری دەرکەوتنی رۆژنامەگەریی کوردی تاکو ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا هەمان ئامانجی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردی و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی و پارتە سیاسییە کوردییەکان و بژاردەی ڕۆشنبیری کوردی بووە.

ڕۆژنامەگەریی تەنز مێژوویەکی دێرینی هەیە لە ژیانی مرۆڤایەتی، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەرهەڵدانی کاریکاتێرو دوایش گەشەکردنی ڕۆژنامەگەریی تایبەتمەند لەناو ڕۆژنامەگەری تایبەتمەندیش، ڕۆژنامەگەریی تەنز ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتیدا، قۆناغ بە قۆناغ پەرەی سەندوەو بۆتە ئامرازێکی ئیجابی لە ڕێگای ڕەخنەی تەنزەوە بە ئاراستەی چاکردنی سیستەمی سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی لەجیهاندا.

سەرهەڵدانی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە کوردستاندا، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ کولتووری دەوڵەمەندی کوردی لە بواری تەنز لە (شیعرو چیرۆك و قسەی نەستەق و پەندی پێشینان و نوکتە ... تاد)، لە دوای ڕاپەڕین بە هۆی بوونی ئازادی ڕۆژنامەگەریی، دەرگا لە بەردەم تەنز نووسەکان زیاتر ئاوەڵە بووە، بە نووسینی گۆشەو ستوون و تەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت بە بواری تەنز لە ڕۆژنامەو گۆڤارەکان، ژمارەیەکیش لە ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی تایبەت بەتەنز دەرچوون، ڕۆژ بە ڕۆژ تەنزنووس و کاریکاتێریستی کارامەترو بە ئەزموون دەردەکەون، لە ڕێگای ڕەخنە تەنزئامێزەکانیانەوە کاریگەریان هەبووە لە سەر سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی چاکسازی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵك بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندی گشتی.

بەم شێوەیە ڕۆژنامەنووس و ڕۆشنبیرو شاعیرو هونەرمەندو ئەدیبانی کورد کە بەشێکی زۆریان سەرەڕای بەجێگەیاندنی ئەرکە نیشتمانییەکانیان، ئەوا جارجارەش بە پێی ژانرە جۆراوجۆرەکانی تەنز لە قسەی نەستەق و

Preview sample - page 4 of 6 - Soran University Academic Digital Library

کاریکارتێرو برگەو شعری تەنز لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا کاریان کردووە، تا بتوانن لە ڕێگای ڕۆژنامەوە کەمێك لە قورسایی و ناخۆشییەکانی هاوولاتیانی کورد کەمبکەنەوە، کە ئەرکی تەنز سەرەڕای ئەرکەکانی تری ڕۆژنامەگەریی کوردی جێگای خۆی هەبووە وەك ژانرێکی ڕۆژنامەوانی، بە تایبەتی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ەوە گۆشەو شوێنی تایبەت بۆ ژانری تەنز لە ڕۆژنامەکاندا دەبینرا، چەندین گۆڤاری تایبەتمەند و خولەکی لە بواری تەنزدا دەردەکەوێت، لەوانە: گۆڤاری (سیخورمە، مەلامەشهور، دەهۆڵ تایمز، گەپ .... تاد).

دەرکەوتنی ڕۆژنامەی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا کەمێك لە ئازارو قورسایی سایکۆلۆژی هاوولاتیانی کوردی کەمکردۆتەوە، سەرەڕای کەمی و پچڕپچڕی و هەندێکجاریش بەردەوامی هەبووە.

پێکهاتەکەی ئەم توێژینەوەیە بەم شێوەیەیە:

بەشی یەکەم:چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە

یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە.

دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە

سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوەکە.

بەشی دووەم: پێناسەو چەمکی ڕۆژنامەگەریی تەنز.

پاری یەکەم: پێناسەو چەمکی ڕۆژنامە .

پاری دووەم: پێناسەو چەمکی ڕۆژنامەگەری تایبەتمەند.

پاری سێیەم: چەمك و پێناسەی ڕۆژنامەگەریی تەنز.

پاری چوارەم: خەسڵەت و ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنز.

بە شی سێیەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز.

پاری یەکەم: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە جیهاندا.

پاری دووەم: ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێرقدا.

Preview sample - page 5 of 6 - Soran University Academic Digital Library

پێرست

پێشەکی ٥

بەشی یەکەم: چوارچێوەی میتۆدیی توێژینەوەکە ٩

یەکەم: میتۆدنامەی توێژینەوەکە ٩

دووەم: چەمکەکانی توێژینەوەکە ١٨

سێیەم: هەنگاوەکانی توێژینەوەکە ٢٠

بەشی دووەم: چەمک و پێناسەی ڕۆژنامەگەریی تەنز ٢٩

پاری یەکەم: پێناسە و چەمک و ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی ٢٩

پاری دووەم: پێناسە و چەمکی ڕۆژنامەی تایبەتمەند ٤٨

پاری سێیەم: پێناسە و چەمکی ڕۆژنامەگەریی تەنز ٥٧

پاری چوارەم: خەسڵەت و شێواز و ئامراز و ئەرکەکانی ڕۆژنامەگەریی تەنز ٧٨

بەشی سێیەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تە نز ١٠١

پاری یەکەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە جیهاندا ١٠١

پاری دووەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە عێراقدا ١٣١

پاری سێیەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا لە پێش ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ١٦٣

پاری چوارەم: مێژووی ڕۆژنامەگەریی تەنز لە هەرێمی کوردستاندا دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ ١٩٤

بەشی چوارەم: چوارچێوەی مەیدانی توێژینەوەکە ٢٢٩

پاری یەکەم: خاسیەتە پیشەییەکانی گۆڤاری سیخورمە و ئەنجامەکانی ٢٢٩

پاری دووەم: شیکردنەوەی ناوەڕۆکی گۆڤاری سیخورمە و ئەنجامەکانی ٢٤٩

دەرئەنجام و پێشنیار و ڕاسپاردەکانی توێژینەوەکە ٣٠٥

سەرچاوەکان ٣١١

پاشکۆکان ٣٢٥

Preview sample - page 6 of 6 - Soran University Academic Digital Library